Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10231

# سێمانتیکی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا

**بێستوون حەسەن ئەحمەد، بەهیە حاجی ئەحمەد**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( سێمانتیکی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا ) یە ، ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی ، بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەش پێکهاتووە لەبەشی یەکەمدا هەوڵدراوە چەمکی سێمانتیکی بەرهەم هێنان بخرێتە ڕوو ، لە بەشی دووەمدا باس لەواتای پرس کراوە لە چوارچێوەی تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێناندا جۆرەکانی واتای فەرهەنگی و نافەرهەنگی پرس خراونەتە ڕوو ، هاوکات جگە لە لیستی سەرچاوەکان پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

سێمانتیک، وشەی پرس، واتای فەرهەنگی، سێمانتیکی بەرهەمهێن

***Corresponding Author***

**arazoo.sahmed@gmail.com**

## پێشـــەکی

### ١/٠ ) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بەناونیشانی ( سێمانتیکی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا ) هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو ئەنجامەی کە وشە پرسەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە دروستکردنی واتای نافەرهەنگیدا

### ٢/٠ ) گرنگی لێکۆڵینەوەکە

بۆ لێکۆڵینەوە لەهەر پێکهاتەیەکی زمان پێویستە لەفەرهەنگەوە دەست پێبکرێت ، چونکە فەرهەنگ سەرچاوەی کۆزانیاری ئاخێوەری زمانە ، سەرجەم واتاکانیش بەزانیارییەکانیانەوە ، لەناو فەرهەنگی ئاوەزەیدا گەنج کراون . واتای فەرهەنگی وشەی پرس لەفەرهەنگدا تۆمار کراوە ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەرای ئەوەی باسی واتای فەرهەنگی نافەرهەنگی وشەی پرسی کردووە ، بەپشتبەستن بە تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان هەریەک لە جۆرەکانی واتای وشەی پرسی شیکردۆتەوەو ، لەئەنجامی پشت بەستن بەو تیۆرە ، شیکردنەوەکان ئەنجامێکی ورد و زانستیانەیان بەدەستهاتووە.

### 3/0 ) کەرەستە و سنوری لێکۆڵینەوەکە

بۆ نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە ( زمانی کوردی – دیالێکتی ناوەڕاست ) هەڵبژێردراوە نموونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیین لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی دیالێکتی ناوەڕاست .

### 4/0 ) گرفتی لێکۆڵینەوەکە

ئەو گرفتانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتە ڕێی لێکۆڵەر فراوانی بابەتەکە بوو ، بەشێوەیەک سنورداركردنی ئاسان نەبوو هەروەها گرفتی لێکۆڵینەوەکە ئەو کێشەزمانییانە کەچارەسەر نەکراوە و لێکۆڵینەوەکە چارەسەری کردووە.

### 5/0 ) تیۆرو ڕیبازی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان و بنەماکانی پەیڕەو کردووە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش بریتییە لەڕێبازی لێکۆڵینەوەی پەسنی شیکاری .

### 6/0 ) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە جگە لەئەنجام و پێشەکی و لیستی سەرچاوەکان لە دووبەش پێکهاتووە.

## بەشی یەکەم/

لەم بەشەدا باس لەتیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان کراوە ، هاوکات بنەماکانی تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان خراونەتە

ڕوو ، لەهەر شوێنێک پێویستی بەهێنانەوەی نموونەی زمانیی بوو بێت نموونە هێنراوەتەوە.

**بەشی دووەم/**

لەم بەشەدا باس لەواتای فەرهەنگی و نافەرهەنگی پرس کراوە ، هاوکات جۆرەکانی واتای نافەرهەنگی پرس خراوەنەتە ڕوو ، بە نموونە هێنانەوە بابەتەکان پشتڕاستکراونەتەوە.

لە لێکۆڵینەوەکەدا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نیشاندراون.

**1/1 ) سێمانتیکی بەرهەمهێنان:**

ئەم تیۆرە لە ئەنجامی ئەو ڕەخنەو پێشنیازانەوە پەیدابوو ، کە لە ( تیۆری ستاندارد ) گیران ، بەپێی تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان سێمانتیك دەبێتە بناغە بۆ دروستەی سینتاکسی ، پێکهاتەی سێمانتیکی ڕێزمانێکە ، بناغەی بەرهەمهێنان دەتوانرێت لێیەوە دروستەی سینتاکیسی هەڵبگوێزرێت ( مەحوی :2006 : 6 ) .

بەپێی ئەم تیۆرە ( لە شیکردنەوەدا ) ( لە داڕشتەی سێمانتیکی ڕستەیەك ) مەوە دەستپێدەکرێت و بۆدیاریکردنی ئەو مەرجانە پێویستە ، کە دروستەی ڕووکەشی فۆرم دروست بەرهەم دەهێنێت. یاسا سێمانتیکییەکانی دوای ئەم بەتەنها لێکدەرەوەن و ئاستێك نییە لە نێوانیاندا ( سەرچاوەی پێشوو :6 ) .

سێمانتیکی بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ هەوڵدەدات بۆ واتا نەك لە ڕێگەی سینتاکسەوە ، هەروەها لە سێمانتیکی بەرهەمهێنەریدا ، ڕێزمانی شیکەرەوەیی ( وەسفی ) لە دروستەی قووڵەوە ، کە پێکدێت لە ( پێکەوەگرێدانی سێماواتاییەکان ، پەیوەندییە واتاییەکان ، بەرکارهێنان و گریمانەکان ) دەستپێدەکات ، کە بابەتن بۆ زیادکراوە فەرهەنگییەکان و گواستنەوە ، بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی ڕووکەش ، کە دواتر یاسا فۆنۆلۆژییەکانی بەسەردا جێبەجێ دەبێت ( Falk :1384 :269 ) و ( حەسەن :2010 :24)

بەپێی تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان لە سێمانتیکی بەرهەمهێنی زمانێکدا هەموو واتاکان لە دروستەی قووڵدا هەن ، کە هەندێك جار پێی دەگوترێت دروستەی لۆژیکی ، بۆ جیاکردنەوەی لە دروستەی قووڵی سینتاکسی سێمانتیکی لێکدەرەوەیی بۆ ئەوەی بتوانین سێمانتیکی لێکدەرەوەیی و ، سێمانتیکی بەرهەمهێنەری لێک جیا بکەینەوە ( حەسەن :2010 : 24 )

**1-1/1 ) بنەماکانی تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان :**

بێگومان هەمووتیۆرێك خاوەنی بنەما و چەمکی زانستییە بۆ شیکردنەوە و پیشاندانی ناوەرۆکی تیۆرەکەو ئامانجەکانی.

ئەم تیۆرەش بەگشتی لە سەر ئەم بنەمایانە بنیاتنراوە :

**1/ 1-1-1 ) دروستەی سێمانتیکی / لۆژیکی ( Logical (structure**

" دروستەی لۆژیکی هەوڵدانە بۆ جیاکردنەوەی چەمك لە بەشەکردار". ( قادر :2012 : 74 ) . ئەم بنەمایە بەرامبەر دروستەی قووڵی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان دەوەستێت ، بەگوێرەی ئەم تیۆرە دروستەی سێمانتیکی/ لۆژیکی ، بەبنج و بناغەی ڕستە دادەنرێت ، وەکو ( input ) تێکردەیەك لە ڕێگەی دروستە ڕووکەشەکانەوە دەگوازرێتەوە ، هەڵگری بیری سەرەکی و واتایی پێکهاتەکەیە ، بەشێوەیەکی شاراوە تا لە ڕێگەی دروستەی فۆنۆلۆژییەوە نمایش بکرێت ( Bagha :2011 : 223 ) و ( ئەمین : 2021 : 71 ) .

ئەم تیۆرە گرنگی بە دروستەی قووڵ دەدات ، کە ئەم دروستەیە بەرپرسە لە دەربڕینی واتای ڕستە ، هاوکات ئەم دروستەیە لە ڕێگەی ئەو دروستە لۆژیکییەوە دەردەبڕێت ، کە لە سەر ( پریدیکاتەکە ) گوزارە ناوەکییەکە بنیاتنراوە ، تیۆرەکە لە سەر ئەو چەمکە دەڕوات ( لە ژێر هەموو ڕستەیەکی گریمانەکراودا لە زماندا دروستەیەکی لۆژیکی شاراوە هەیە ، ئەو دروستەلۆژیکیە واتای ڕستەکە لە خۆدەگرێت ، لە ئەنجامدا دروستەی لۆژیکی لە ڕێگەی هەڵگواستنە درەختییەکانەوە لە ناو نەخشەی زمان دەردەکەوێت کە پێی دەگوترێت دروستەی ڕوکەش ) ( ئیبراهیم :2014 : 81 ) .

" دروستەی لۆژیکی" کە بەرپرسیارە لە گەیاندن و دەربڕینی واتا ، ئەوانیش پریدەکارتەکانن کە بەناوکی ڕستە دادەنرێن ، هاوکات ( AR ) کانی دەوری ناوکی ڕستەش بەرپرسن لە گەیاندنی پەیوەندییە واتاییەکان لە ڕستەدا ، بۆیە مەبەستە سێ جۆر دروستەی لۆژیکی گریمانەکراویان دیاریکرد ( سەرچاوەی پێشوو : 2014 : 82 ) ، ئەوانیش بریتیین لە :

١) پریدیکاتی یەك ئارگۆمێنت داواکەریی : ئەم جۆرە گوزاریە تەنها یەك ( AR ) ی پێویستە ، کەئەویش بە زۆری بکەرێکی ڕێزمانیە ( الوعر : 2001 : 66 ) و ( ئیبراهیم : 2014 : 82 ) .

بەشێك لە کردارە تێنەپەرەکان لە زمانی کوردیدا، هەروەها زۆربەی ئاوەڵناوەکان لە جۆری ئەو پریدیکاتانەن. (بڕوانە1)

**(١)** أ- ) خوێندکارەکە ڕۆیشت .

ب- ) کێ ڕۆیشت؟

بەپێی تیۆرەکە شیکردنەوە واتاییەکە ( 1-أ ) بەم جۆرە دەنوسرێت

ڕۆیشت {خوێندکارەکە}

هەروەها شیکردنەوە وتاییەکەی ( 1-ب ) بەم جۆرە دەبێت :

ڕۆیشت { کێ }

هێڵکاری درەختیی ( 1-أ ) بەم شێوەیە دەبێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە 1 )



هێڵکاری ژمارە ( ١ )

هێڵکاری درەختیی ( ١-ب ) بەم شێوەیە دەبێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢ )



هێڵکاری ژمارە ( ٢ )

**٢) پریدیکاتی دوو ئارگومێنت داواکەری :**

ئەم جۆرە گوزاریە دوو هێزییە کە بێجگەلە بکەرێکی ڕێزمانی لۆژیکی ، بەرکاریشی پێویستە ، واتە داوای دوو ( AR ) دەکات ، بۆ وێنە کرداری ( خوارد ) پێویستی بەبکەرێك هەیە کە هەڵدەستێت بەرکاری ( خواردنەکە ) ، هەروەها بەرکارێکیش ، کە کاری خواردنەکەی بەسەردا ڕوودەدات. ( بڕوانە 2 ) .

**(٢)** أ- ) ئەرینا سێوەکەی خوارد؟ ( ئاوازە )

ب- ) کێ سێوەکەی خوارد؟

شیکردنەوەی ڕستەی ( 2-أ ) بەم شێوەیە دەبێت

خواردی {ئەرینا ، سێوەکە }

لە پریدیکاتی دوو هێزیدا ، بکەری لۆژیکی یەکەمجار و بەرکار دووەمجار دێن ، هێڵکاری درەختییەکەی بەم شێوەیە دەبێت : ( بڕوانەی هێڵکاری ژمارە 3 ) .



هێڵکاری ژمارە ( 3 )

شیکردنەوەی ڕستەی ( 2-ب ) بەم شێوەیە دەبێت :

خواردی { کێ ، سێوەکە}

هێڵکاری درەختییەکەی بەم شێوەیە دەبێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە 4 ) .



هێڵکاری ژمارە ( ٤ )

**٣) پریدیکاتی سێ ئارگومێنت داواکەری :**

ئەم جۆرە گوزارەیە سێ هێزییە ، پێویستی بەبکەرێکی ڕێزمانی لۆژیکی بەرکاری یەکەم و بەرکاری دووەم هەیە. واتە پێویستی بە بەرکارێکی ڕاستەوخۆ و بەرکارێکی ناراستەوخۆ هەیە.

بۆنموونەی کرداری ( گرت ) پێویستی بەبکەرێك هەیە تا کاری ( پێگرتن ) مکە ئەنجام بدات ، بەرکارێکیش کە بابەتە ( پێگیراو ) مکەیە و بەرکارێکی ناراستەوخۆش کە بابەتە پێگیراوەکە دەگرێت ( بڕوانە 3 )

**(٣)** أ- ) پێزان گۆشتەکەی گرت بە مەقاش

ب- ) کێ گۆشتەکەی گرت بە مەقاش؟

شیکردنەوەی ( 3-أ ) بەم شیوەیە دەبێت

پێگرت { پێزان ، مەقاش ، گۆشتەکە}

شیکردنەوەی ( 3-ب ) بەم شیوەیە دەبێت

پێگرت { کێ ، مەقاش ، گۆشتەکە}

کردارەکە ، کە ناوکی ڕستەکەیە لە سەرەتاوە دەردەهێنرێت دواتر بکەر لە ڕیزبەندی ( AR ) کاندا شوێنی یەکەم دەگرێت پاشان بەرکاری ناراستەوخۆ ئینجا بەرکارە ڕاستەوخۆکە لە کۆتایدا دێت ، بڕوانە هێڵکاری ( ٥ ، ٦ )



هێڵکاری ژمارە ( ٥ )



هێڵکاری ژمارە ( ٦ )

لێرەدا پرسیارێك دەخرێتە ڕوو ئایا پریدکاتی چوار ( AR ) داواکەری هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێین ، بەڵێ ، پریدیکاتی چوار ( AR ) لە م جۆرە گوزارەیەدا پێویستی بە بکەرێکی ڕێزمانی لۆجیکی و بەرکارێکی ڕاستەوخۆ و دوو بەرکاری ناراستەوخۆ هەیە.

بۆنموونە کرداری ( پێلێکردنەوە ) ، پێویستی بەبکەرێك هەیە تاکرداری کردنەوە ئەنجام بدات ، بەرکارێکی ڕاستەوخۆ و دوو بەرکاری ناراستەوخۆ کەیەکێکیان بۆ ( لێکردنەوە ) و ئەوتریشیان بۆ ( پێلێکردنەوە ) کەواتە کاتێك کە پێشناوی ( پێ ) دەچێتە سەرکرداری ( لێکردنەوە ) ، کرداری ( لێکردنەوە ) خۆی پێویستی بە سێ ( AR ) هەیە . بەهۆی ئەوەی ، کە هێزی کردارەکە دەگۆڕێت دەبێت بەچوار هێزی ، هەربۆیە پێویستی بە چوار ( AR ) دەبێت ، واتە لە یەك کاتدا پێویستی بەدوو فرێزی ناو دوو فرێزی پێشناوی خورتیی هەیە (بڕوانە 4 )

**(١)** پێزان دەرگاکەی لە لێزان بەئەریا کردەوە.

شیکردنەوەی ( 4 ) بەم شیوەیە دەبێت

پێلێکردنەوە { پێزان ، دەرگاکە ، لێزان ، ئەرینا}

کردارەکە ، کەناوکی ڕستەکەیە لە سەرەتاو دەردەهێنرێت پاشان بکەر لە ریزبەندی ( AR ) کاندا شوێنی یەکەم دەگرێت دواتر بەرکاری ڕاستەوخۆ ، پاشان بەرکاری ناراستەوخۆی یەکەم ودواتر بەرکارناراستەوخۆی دووەم ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە 7 ) .



هێڵکاری ژمارە ( ٧ )

بەگشتی سێ شیوە سەرەگرێ / نۆدی سەرەکی گریمانەکراو لە تیۆرەکەدا دیاریکراوە ، کە بریتین لە أ- نواندنی ڕستە ( ڕ ) .

ب-نواندنی کردار ( ك ) .

پ-نواندنی فرێزی ناوی ( ف.ن ) . ( الوعر :2001 : 66 ) و ( ئیبراهیم : 2014 : 85 ) .

**2-1-1/1 ) دروستەی ڕووکەش : ( Surface Structure )**

دروستەی ڕووکەش لایەنی بەرجەستەیی ڕستەو دروستە زمانییەکانە ، کەواتە "ئەو ئاستە ڕۆنانەی زمانە ، کە ڕستە تێیدا دەردەکەوێت" ( کەمال :2002 : 28 ) .

کەواتە ئەم ئاستە کۆتا ئاستی بەرهەمهێنانە ، لە پاش ئەوەی لایەنی توانستی مرۆڤ ( کە مەعریفەی ئاخێوەرانە ، سەبارەت بە زمانەکەیان ، هاوکات ئەو یاسا و دەستورانەیە ، کە پرۆسەی ڕێزمان بەگشتی پێك دەهێنن ) ئەم ئاستە. دروستەکان ئامادە دەکات ، لە دروستەی قووڵ و بنەڕەتدا لە ڕیگەی دەنگ و نوسینەوە ، پاش ئەوەی ئەم دروستانە یاساکانی زمانیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت دەگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی مێشك ( output ) لە ڕێگەی دروستە ڕووکەشەکانەوە لە هەندێك کاتدا " لە ئەنجامی گوێزانەوەکان کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕوودەدات ، دانەی ڕێزمانی دەقرتێت یان زیاد دەکرێت یان ئاڵوگۆڕدەکرێت " ( ئەمین : 2015 : 22 ) . ( بڕوانە 5 )

**(٤)** أ- ) ئاراس تاوانبارەکەی گرت ، لە پاشان کوشتی.

ب- ) کێ تاوانبارەکەی گرت ، لە پاشان کوشتی؟

لەم ڕستانەدا ، کە لێکدراون ، لە ڕستەی ( 5-أ ) بکەری ڕستەکە و بەرکاری ڕستەکە لە ڕستەی دووەمدا قرتاون ، بەهەمان شێوە لە ( 5-ب ) دا کە وشەی پرسی ( کێ ) پرسیار کراوە ، لێرەدا کە پرسیار لە بکەر کراوە ، کە ( کێ ) ئەنجامدەری کاری ( گرت ) و ( کوشت ) بووە ، واتە ( NP ) ی ( کێ ) و کە لە ڕستەی ( 5-ب ) لە جێی ( NP ) ی ( ئاراس ) بەرکارهاتووە ، لە ڕستەی دووەمدا قرتاوە لە هەمان کاتدا بەرکاری ڕستەکەش قرتاوە.

**3-1-1/1 ) ناوەرۆك >>Content<<**

ناوەرۆك واتە چەپکە نیشانە ، ناوەڕۆك بەشێکی واتای پەسنکەرانەیە وبنچیە ، ناوەرۆکی لێکسیمێك لە ڕێی هەموو پەیوندییەکانی لە بریدانان ودروستە تەکنیشینییەکانەوە ، بۆ هەریەك لە دروستەکان ناوەڕۆکی هەیە و لە کۆمەڵێك نیشانەی واتایی ، سیمای واتایی پێکهاتووە.

( ناوەرۆك : سیماواتاییەکان ) گەورەترە. لە ( کرۆکە واتا : تاریکە ) هیچیان ناچنە خانەی پراگماتیك. ( حەمە غریب : 2015 : 44 ) .بۆزانیاری زیاتر بڕوانە ( محوی : 2001 : 226 ) . ( محوی : 2009 : 209 )

بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەرۆك لە سێمانتیکی بەرهەمهێناندا نموونەی ( 6 ) ناوەرۆك و ناواخنە واتاییەکانی ڕستەکە دەخرێتە ڕوو. بەو پێیە ئەنجامی گەشەکردنەکانی سێمانتیکی بەرهەمهێنان ئەوە دەردەکەوێت کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە وچارەسەرکردنی هەردوو بابەتی- پێکەوە بەستراو سەرەڕای جیاوازییان- " دروستەی زمانی"/ ( Structure of Language ) / بەرکارهێنانی زمان ( Use of Language ) کە لە توێژینەوەی دروستەی زماندا دەتوانرێت واتای پیتی ڕستەکە دیارییکرێت لە ڕێگەی دروستەی قووڵی لۆژیکیەوە ، بەڵام لە توێژینەوەی بەرکارهێنانی زماندا ، کە پێی دەوترێت پراگماتیك دەتوانرێت واتای دەربڕاو ڕستە شیبکرێتەوە بەهۆی ڕووکارە ڕێژەییەکانی ناورۆك ( مەحوی : 2001 : 226 ) ( مەحوی : 2009 : 209 ) .

**(٥)** هاوسەرەکەی پێزان لە دەزگای وەرگێران کاردەکات.

ناوەرۆك و ناواخنە واتاییەکانی ئەم ڕستەیە بریتیین لە : ( ئەمە بابەتی پێشگریمانەی سێمانتیکە )

أ- پێزان هاوسەرگیری کردووەو هاوسەری هەیە.

ب-هاوسەری پێزان کارمەندە لە دەزگای وەرگێران.

پ-دەزگایەك هەیە ، کە هاوسەری پێزان کاری لێ دەکات.

ت- ئەو دەزگایە تایبەتە بە کاری وەرگێران.

ج- ...........

چ- ...............

**4-1-1/1 ) واتای دەربڕاو Utterance Meaning**

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە زۆربەی مۆدێلە ڕێزمانییە کۆن و نوێیەکان کەم تا زۆر گرنگیان بە واتای پیتی/حەرفی داوە.

لە تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێناندا واتای پیتی/ حەرفی و واتایی دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستە دیاری دەکەن ، ئەم تیۆرەش گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی واتای پیتی ، واتە بەگرنگی دەزانێت پێش لێکۆڵینەوەی واتا لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە یان زمان بەرکارهێنانەوە ، لە واتای پیتی/حەرفی بکۆڵێتەوە.بۆنەخشەی سێمانتیکی بەرهەمهێنان . (

بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( 1 ) . ( الواعر : 2001 : 60 ) و ( حەمە غریب : 2015 : 44 ) .

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت ، کە بەپێی ئەم تیۆرە ، ڕستە و دەربڕاوەکان ، پێش دەربڕین ونواندنیان لە دروستەی ڕووکەش ، خاوەنی واتاو پێکهاتەی واتایی تایبەت بەخۆیانن ، دواتر لە ڕێگەی یاساکانی گواستنەوەوە بەدروستەی ڕووکەشەوە دەبەسترێنەوەو دەردەبڕێن ( بڕوانە 7 ) .

**(٦)** کوڕەکە پێدەکەنێت.

پێکهاتەی واتایی لە ڕستەی ( 7 ) لە دروستەی لۆژیکدا بوونی هەیەو بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە وە دەگەیەنرێن بەدروستەی ڕووکەش و لە شێوەی دەنگدا دەردەبڕێن بڕوانە هێڵکاری ( 8 ، 9 ) .

ڕوونکردنەوە ڕستەی ( 7 ) بەپێی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان ، بەم شێوەیە شرۆڤە دەکرێت :






هێڵکاری ژمارە ( ٨ )



هێڵکاری ژمارە ( ٩ )

تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان دەکرێت بە زۆری ئابووری بێت ، بە بەراورد بەسیمانتیکی لێکدەرەوەیی بەجۆرێك ڕەچاوی ئەوە دەکات ، کە زۆرجار ڕستە جیاوازەکان خاوەنی هەمان واتان ( Lakoff :1976 :43-61 ) و ( حەمەغریب : 2015 : 47 ) . ( بڕوانە8 ، 9 ) .

**(٧)** أ- ) قوتابخانەی قومریە خان لە لایەن کۆمپانیای نەجمەدینەوە دروستکراوە.

ب- ) دروستکردنی قوتابخانەی قومریە خان لە لایەن کۆمپانیای نەجمەدینەوە بوو.

**(٨)** أ- ) پێزان کتێبەرکەی بە لێزان بەخشی.

ب- ) لێزان کتێبەرکەی لە پێزان وەرگرت.

هەریەك لە ڕستەکانی ( 8- أ ، ب ) ( 9 –أ ، ب ) خاوەنی پێکهاتەی سینتاکسی جیاوازن و هاوکات ڕیزکردنی کەرستە ڕێزمانییەکان جیاوازن ، بەڵام ڕستەکانی ( 8-أ ، ب ) یەك واتا دەبەخشن وخاوەنی هەمان پێکهاتەی واتایین ، هەروەها ڕستەکاین ( 9-أ ، ب ) هەردوو وشەی ( بەخشی ) و ( وەرگرت ) بەرکارهێنراون ، خاوەنی پێکهاتەی واتایی جیاوازن ، بەڵام بەپێی بەرکارهێنانیان لە گەڵ کەرستە ڕێزمانییەکانی تری ڕستەکاندا یەك واتایان بە ڕستەکان بەخشیوە.

پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت ، کە واتای دەربڕاو بەتایبەتی ناخرێتە پاڵ هیچ مۆدێلێکی دیاریکراو ، بەڵکو بەگشتی زانایانی لۆژیك و زمانەوانان بەجۆرێك لە جۆرەکان بە پێناسە و چەمکێکی ورد لە سیمانتیکە کلاسیکییەکان خۆیان پێوە خەریك کردووە ( مەحوی : 2001 : 226- 227 ).

پیویستە ئاماژە بەوە بکرێت یەکێك لە سیمادیار و ئاشکراکانی سیمانتیکی بەرهەمێنان ، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کردار و پۆلکردنی ، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە ، کە تیۆرەکە کردار بە ناوکی ڕستە و واتاکەی دادەنێت.

ئامانجی لە گریمانەی پۆلێنکردنی کردار پەسنکردنی ناوەرۆکی سیمانتیکی ڕستەیە ( الواعر : 1987 : 75 ) ( ئیبراهیم : 2014 : 88 ) .

## 2/ 1 ) جۆرەکانی واتای پرس

واتای پرس هەموو ئەو وشەو مۆرفیم ودەستەواژە و دەربڕاوانەن ، کە بۆ واتای پرسیار کردن بەکاردێن ، هاوکات ئەو ڕستانەش ، کە بەهۆی ئاوازەوە واتای پرسیار دەگەیەنن ، جۆرەکانی واتای پرسیش بریتین لە

## 2/ 1-1 ) واتای فەرهەنگی پرس

واتای فەرهەنگی وشەی پرس لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە لە ناوەنێشکی ( ئاوەزی ) قسەکەری زمانەکەدا چەسپاوە ، واتە لە فەرهەنگدا هەم واتای فەرهەنگی وشە پرسەکە و هەم بەهای نیشانەکانی ( ( - ) ) ، ( ( + ) ) دیاریکراون، (بڕوانە 10)

( 10 ) هەریەك لە وشەی /کێ/ ، /کوێ/ لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە تۆمارکراون.

( کێ )   {+کەس}

( کوێ ) {+شوێن}

له بەرئەوەی ئامانجی هەر تیۆرێکی واتایی بریتییە لە دیاریکردنی بنەما واتاییەکان ، لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی پێکهاتە واتاییە بەرهەم هاتووەکان ، واتە هەر پێکهاتەیەکی واتایی شیدەکرێتەوە ، هاوکات دیاریکردنی ئەو یاسایانەی ، کە ئاماژە دەکەن بۆ بەستنەوەی پەیوەندی نێوان دانە فەرهەنگییەکان ، واتە هەموو دانەیەکی فەرهەنگی لە پەیوەندیدایە ، ئەو پەیوەندییە جۆری واتاکە بەرهەم دەهێنێت ، ( بڕوانە 11 )

( 11 ) کێ لە کێی بردەوە؟

لە ( 11 ) دا هەریەك لە وشە پرسەکان ، هەمان وشەی پرسن ، بۆ پرسیارکردن لە ناوی کەس بەرکارهاتوون ، بەڵام ئەرکیان جیاوازە ، کە پرسیان لە بارەی کەرەستەکانی ناو ڕستەکە کردووە ، کە ئەوانیش ( بکەر ، بەرکار ) ە، ڕستەکە ڕستەی پرسیاری تایبەتە ، وشە پرسەکان لە جێگەوتەی ئەو کەرەستانەدا دەرکەوتوون کە پرسیاریان لێدەکرێت.

کرداری ( بردەوە ) دوو هێزیە داوای دوو ( AR ) دەکات ، پێویستی بە بکەرێك هەیە کە هەڵدەستێت بەرکاری ( بردنەوە ) ، هەروەها بەرکارێکیش کە کاری ( بردنەوەکەی ) بەسەردا ڕوو دەدات.

لە پریدیکاتی دوو هێزیدا بکەر یەکەمجار و بەرکار دووەمجار دێت ، هێڵکاری درەختییەکەی بەم شێوەیە دەبێت ، بڕوانە هێڵکاری ژمارە 10 ).




هێڵکاری ژمارە ( ١٠ )

شیکردنەوەی ڕستەی ( 11 ) بەم شێوەیە

بردنەوە {کێ ، کێ}

کردارەکە ، کە ناوکی ڕستەکەیە لەسەرەتاوە دەردەهێنرێت ، پاشان بکەر لەڕیزبەندی ئارگومێنتەکاندا شوێنی یەکەم دەگرێت ، دواتر بەرکاری ڕستەکە دێت.

کەواتە ڕستەکە لە دروستەی قووڵ و بنەڕەتدا لە ڕێگەی دەنگ و نوسینەوە پاش ئەوەی یاساکانی زمانی بەسەردا جێبەجێکراوە ، گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی مێشك لە ڕێگەی دروستەی ڕووکەشەوە ، لێرەدا دروستەکە دروستەیەکی زمانییەو واتای پێتی ڕستەکە لە ڕێگەی دروستەی قوڵەوەیە، بەڵام لە بەرکارهێنانی زماندا دەتوانرێت واتای دەربڕاو شیبکرێتەوە بەهۆی ڕووکارە ڕێژەییەکانی ( ( ناوەڕۆك ) )

ناوەڕۆك و ناواخنە واتاییەکانی ئەو ڕستەیە بریتیین لە :

أ- یارییەك هەبووە.

ب- کەسێك لەگەڵ کەسێك یاری کردووە.

ت- کەسێك لە یارییەکەدا دۆڕاو بووە.

ث- یەکێکیان لە یارییەکەدا براوە بوون

ج- کەسێك لە یارییەکەدا دۆڕاو بووە.

ح- ................................

خ- ................................

بەپێی تیۆرەکە واتای پێتی و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکە دیاری دەکەن ، کەواتە ڕستەکە پێش دەربڕین و نواندنی دروستەی ڕووکەش خاوەن واتا و پێکهاتەی تایبەت بە خۆیەتی دواتر لە ڕێگەی گواستنەوەوە بە دروستە ڕووکەشەکەوە بەستراوەتەوە :




کەواتە یەکێك لە سیمای واتای کردارەکە ( +جووڵەیی ) یە پێویستی بە دوو ( AR ) هەیە ، واتە پێویستی بە دوو ڕۆڵی ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ) هەیە.

پێکهاتەی واتایی لە ( 11 ) لە دروستەی لۆژیکدا بوونی هەیە ، بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە دەگەیەنرێت بە دروستەی ڕووکەش و لە شێوەی دەنگدا دەردەبڕین ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە 10 )

### 2/ 1-2 ) واتای نافەرهەنگی پرس

واتای نافەرهەنگی پرس لە بەرکارهێنانیدا واتای خۆی لە دەست دەدا لە چوارچێوەی ئەو بەرکارهێنانەدا واتا مەبەستێکی تر دەگەیەنێت ، لێرەدا پرسیارێك دەخرێتە ڕوو ئایا کەرەستەکانی پرس/ فۆرمەکانی پرس ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی واتای نافەرهەنگیدا؟ چۆن؟ لێرەدا بەپێی بنەماکانی تیۆری سیماتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوە بۆ هەر یەکێك لە و جۆرانەی واتای نافەرهەنگی دەکرێت ، کە لە م لێکۆڵینەوەیەدا پۆلکراوە ، لە دوای شیکردنەوەیان دەگەین بەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە.

### جۆرەکانی واتای نا فەرهەنگی بریتین لە :

أ- ) **واتای ئیدیەمی :** ئیدیەم دروست بوونی فۆرمەکانیان لە ڕووی دروستەوە بەپێی یاساکانی ئیدیەم خۆیەتی ،واتا بەگوێرەی یاساکانی ڕێزمان نییە ناتوانرێت لە سەر بنەمای واتای بەشە پێکهێنەرەکانی تێبگەین. ( بڕوانە 12 )

( 12 ) گا ڕیباوە؟ ( عەلی : 1982 : 396 )

لە ( 12 ) دا کە ڕستەکە ڕستەیەکی پرسە ، بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە ، بەپێی تیۆری سیماتیکی بەرهەمهێنان کە کردار

بەناوکی ڕستە و واتاکەی دادەنرێت پریدیکاتی ( ڕیباوە ) پریدیکاتێکی یەك ( AR ) داواکەرییە، کە ئەویش بکەرێکی ڕێزمانییە. ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە 11).



هێڵکاری ژمارە ( ١١ )

بەپێی تیۆرەکە شیکردنەوە واتاییەکەی ( 12 ) بەم شێوەیە دەبێت :
ڕیباوە {گا}

بڕوانە هێڵکارییەکەی ( هێڵکاری ژمارە 11 )، کە پێشتر خرایە ڕوو دروستەی ڕووکەشی ڕستەکە ئەو ئاستە ڕۆنانەی زمانە کە ڕستەکە تێیدا دەرکەوتووە ، کۆتا ئاستی بەرهەمهێنانە ، هاوکات واتای پیتی ڕستە و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکەیان دیاریکردووە، لە (12) دا کەسێك ئەم ڕستەیە دەڵێت کە بێزاری خۆی بەرامبەر کەسێك دەردەبڕێت ، کە بەتەنگەوە نەیەت و شتی زیادە بخوازێت ، بۆ نموونە منداڵێك کاتێك کە ئەچێتە بازاڕ ، ئەچێتە هەر دوکانێکەوە داوای شتێك دەکات دایکەکە دەڵێت (گاڕیباوە ) یان کەسێك داواکاری زۆری هەبێت، کەسی بەرامبەر بێزاری خۆی دەردەبڕێت ، چونکە داواکارییەکەی داواکارییەکی زۆر زیادە ، کەواتە کەرەستەکانی پرس ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی واتای ئیدیەمی.

**ب- ) واتای میتافۆری :** ئەگەر وشە خاوەن واتای چەسپاو و نەگۆڕ بێت میتافۆر بێ واتا دەردەچێت ، کەواتە میتافۆر زۆر لە سیما واتاییەکەی دور ناکەوێتەوە زۆر لێڵ و تەم و مژاوی نییە ، بەهۆی بەکارهێنان و باری وتنەکانەوە واتاکەی ڕوون دەبێتەوە ، ( بڕوانە 13 ) ، بەپێی بنەماکانی سێمانتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

( 13 ) میوان نان دەخۆیت؟ ( هەمزیی : 2015 : 390 )

لە ( 13 ) دا ڕستە پرسەکە بەهۆی ئاوازەوە دروستبووە بەپێی بنەمای یەکەمی تیۆرەکە پریدیکاتەکە بەناوکی ڕستەکە دادەنرێت ، هاوکات ( AR ) کانی دەوری ناوکی ڕستەکەش بەرپرسن لە گەیاندنی پەیوەندییە واتاییەکان لە ڕستەکەدا ، پریدیکاتەکە دوو هێزییە کە بێجگە لە بکەرێکی ڕێزمانی لۆژیکی ، بەرکاریش داوا دەکات ، کەواتە دوو (AR) ی پێویستە، کرداری (دەخۆیت ) پێویستی بە بکەرێك هەیە کە هەڵدەستێت بەرکاری خواردنەکە ، بەرکارێکیش کە کاری خواردنەکەی بەسەردا ڕوودات بەپێی تیۆری سێمانتیکی بەرهەمهێنان سێ نۆدی سەرەکی گریمانە کراو لە ڕستەکەدا دیاریکراوە ، کە بریتیین لە ( نواندنی ڕ ، نواندنی ك، نواندنی ف.ن ) بەپێی تیۆرەکە شیکردنەوە واتاییەکەی (13) بەم جۆرە دەبێت.

دەخۆیت {میوان ، نان}

هێڵکاری درەختیی ( 13 ) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت ( بڕوانە 12 )



هێڵکاری ژمارە ( ١٢ )

لە م ڕستەیەدا واتای پیتی ڕستەکە و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکەیان دیاریکردووە لە ڕستەکەدا پرسیارەکە زۆر نەنگە ، چونکە لە ڕووی تەوسەوە کراوە بە پەند ، واتە چۆن پرسیاری وا دەکرێت چۆن شتی وا دەردەبڕیت کەواتە لە ئەنجامی توێژینەوەی زماندا توانرا واتای دەربڕاوی ڕستەکە شیبکرێتەوە.

( پ ) **واتای پراگماتیکی :** واتای پراگماتیکی بریتییە لە زانیاری نازمانی و واتای سێمانتیکی و دەوروبەر ( کات و شوێن ) لێرەدا نموونەیەکی سادە و ساکار دەهێنینەوە ، کاتێك دوو کەس جێژوانێکیان هەیە لە گەڵ یەکتری یەکێك لە دوو کەسەکە لە کات و شوێنی دیاریکراو ئامادە دەبێت، بەڵام یەکێکیان دوادەکەوێت، دواتر ئەو کەسەی کە لە کات و شوێنی خۆی ئامادە بووە بەویتر دەڵێت ( بەخوا بەمەوعیدی)، بەڵام کەسی بەرانبەر لە وەڵامدا پۆزشی بۆ دەهێنێتەوە لە کاتێکدا کەسی پابەند وەسفی کردووە ، کەواتە پراگماتیك لە نێوان قسەکەر و گوێگردایە واتایەکی تاکە کەسییە و واتای شاراوە و قوڵ دەگرێتەوە ، هێما زمانیی و نازمانییەکانیش لێکدەداتەوە ، بنەماکان دەبەزێنێت و یاساکان کۆتدەشکێنێت، واتە چەمکی لە یاسا لادانی تێدایە پابەندی چالاکی و ڕاهێنانە لێکدانەوەی مەبەستی قسەکەرە، واتاییەکی گۆڕاوە بەپێی کەس ( بڕوانە 14 ) بەپێی بنەماکانی سێمانتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

( 14 ) زوو نییە؟

لە ( 14 ) دا ڕستەکە ڕستەیەکی پرسیارییە ، بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە ، بەپێی بنەمای یەکەمی سێمانتیکی بەرهەمهێنان کە گرنگی بە دروستەی قووڵ دەدات و دروستە قووڵەکە بەرپرسە لە دەربڕینی واتای ڕستەکە ، هاوکات لە لێکۆڵینەوەی بەرکارهێنانی زماندا دەتوانرێت واتای دەربڕاوی ڕستە شیبکرێتەوە بەهۆی ڕووکارە ڕێژەییەکانی ناوەرۆك ، لە ڕستەی ( 14 ) کە دەوترێت ( زوو نییە ) واتایەکی پراگماتیکی هەیە ، بەواتای ڕستەی ( 15 ) دێت.

( 15 ) تۆ دواکەوتیت؟ ( ڕستەکە ڕستەیەکی پرسیارییە بەهۆی ئاوازەوە دروستبووە ).

لە ( 15 ) دا ( دواکەوتنی پریدیکاتی یەك ( AR ) داواکەرییە ئەم جۆرە پریدیکاتە تەنها یەك ( AR ) ی پێویستە ، کە ئەویش بکەرەکەیە.

بەپێی ئەم تیۆرە شیکردنەوە واتاییەکەی ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە دەبێت.

دواکەوتیت {تۆ}

هێڵکاری درەختیی ( 15 ) بەم شێوەیە دەبێت ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە 13 )




هێڵکاری ژمارە ( ١٣ )

کەواتە کەسەکە دواکەوتووە دواکەوتنەکەش ئەو دەوروبەرەی کە تێیدایەتی بۆمان ڕووندەکاتەوە بۆ نموونە بەپێی دەوروبەرەکە کە دەڵێت ( زوو نییە؟ ) واتایەکی پراگماتیکی هەیە، چونکە ڕستەکە بەستراوە بەرکات و کەس و شوێنەوە، کەواتە لێرەدا دەتوانین چەند واتایەك دیاریبکەین، بەپێی واتە پراگماتیکیەکەی واتە تۆ دواکەوتیت، بەپێی واتای حەرفی بێت دوو کەس دیانەوێت بڕۆن بۆ شوێنێك لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا دەستپێدەکات یەکێکیان دەڵێت بڕۆین ئەویتریان دەڵێت زوو نییە؟ دیسان دەوروبەر ڕوونی دەکاتەوە لە نێوان دوو کەسدا بەڵام کاتێك خوێندکارێك دوادەکەوێت لە دەرگا دەدات مامۆستاکە پێی دەڵێت ( زوو نییە؟ )، واتە دواکەوتیت درەنگە، کەواتە بەپێی شوێنەکە واتاکەی گۆڕا و دەوروبەرەکە لێکی دایەوە کە چ واتایەکی هەیە، کەواتە ڕستەکە واتاکەی لە دەوروبەرەکە وەردەگرێت، واتای ڕستەکە پەیوەستە بە دەوروبەری گوتنەکەوە دەشێت بۆ توانج بێت دەشێت بۆ گلە یی بێت ، یان بۆ سوکایەتی پێکردن بێت، بەپێی دەوروبەری ( کۆنتێکست ) ی قسەکردن دەگۆڕێت، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە واتای پراگماتیییەکەیە کە خوێندکارێك دواکەوتووە، مامۆستا لێپرسینەوەی لێدەکات پێی دەڵێت (زوو نییە؟ ).

(أ) **واتای دەروونی:** واتایەکی تاکە کەسییە و خودییە ، کەواتە وشە بەگوێرەی قسەکەر دەبێتە ( هەست دەربڕین) و ڕەنگدانەوەی ناخی قسەکەر ، هاوکات بەگوێرەی ئەو شت و ڕووداوانەی بەرانبەری دەوەستێت دەبێتە هێما بەگوێرەی گوێگریش دەبێتە ( وروژاندن ) چونکە کاریگەری لە سەر دەکات، ( بڕوانە 16 ) کە بەپێی بنەماکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

( 16 ) تۆ منت خۆشدەوێت؟

لە ( 16 ) دا ئەگەر چی ڕستەکە ڕستەیەکی پرسە بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە ، بەڵام بۆ ئاسودەیی دەروون بەرکاردەهێنرێت ، ئەم ڕستەیە زۆر جار کەسێك بەرکاریدەهێنێت ، کە زۆر دڵنیایە لە خۆشەویستی بەرانبەرەکەی بەردەوام پرسیاری لێدەکات ، یان زۆر جار لەگومانەوە سەرچاوە دەگرێت ئەوش دەوروبەر حکومی دەکات ، لێرەدا هەست و سۆزی ئاخێوەر بەشێوەی پرسیار دەربڕاوە ئەگەر چی واتای فەرهەنگیشی تێکەڵە لە ( 16 ) دا کردارەکە دوو هێزییە، واتە دوو ( AR ) ی پێویستە کە بێجگە لە بکەرێك بەرکاریش داوا دەکات، واتە کرداری (خۆشویستن ) پێویستی بە بکەرێك هەیە، کە هەڵدەستێت بە کاری ( خۆشویستنەکە )، بەرکارێکیش کە کاری خۆشویستنەکەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت بەپێی ئەم تیۆرە واتای پێتی ڕستەکە لە ڕێگەی دروستەی لۆژیکییەوە ، لە دروستەی ڕووکەشدا دەخرێتە ڕوو، بەپێی تیۆرەکە سیمانتیکانە مامەڵە دەکرێت لە گەڵ هەردوو ( دروستەی قووڵ و ڕووکەش )، بەڵام سینتاکس لە ڕێی یاساکانی گواستنەوەوە کە لە دەرەوەی ئەو پرۆسە هەڵگواستینانەی کە لە هەردوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشدا ڕوودەدەن ئەو یاسایانە واتای ( ڕاگەیەنراوی ) ڕستەکەیان ڕوونکردۆتەوە، کە لە ناوخنی ڕستەکەدا هەیە. بەپێی ئەم تیۆرە شیکردنەوە واتاییەکەی ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە دەبێت خۆشدەوێت {تۆ ، من}

هێڵکاری درەختیی ( 16 ) بەم شێوەیە دەبێت. بڕوانە ( هێڵکاری ژمارە 14 ).




هێڵکاری ژمارە ( ١٤ )

ئەم تیۆرە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە واتای پێتی ، پێکهاتەی واتایی لە ڕستەی ( 16 ) دا لە دروستەی لۆژیکیدا بوونی هەیە بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە ، گواستراونەتەوە بۆ دروستەی ڕووکەش لە شێوەی دەنگدا دەربڕاوە ، بەپێی ئەم تیۆرە سیمای واتایی کردارەکە لە گەڵ ڕۆڵە واتاییە داواکراوەکانیان بەم جۆرەیە سیمای واتایی {+هەستی} ڕۆڵێکی واتایی ئەرکی داوا دەکات کە پێی دەوترێت تاقیکەرەوە.

( ج ) **واتای کۆمەڵایەتی :** واتای کۆمەڵایەتی لە پێرەوە سروشتییەکانی هێما زمانییەکان نییە ، دەربڕینی کەسایەتی بەگشتی ، دەربڕینی کەسایەتی خودیش لە ڕێی زمانەوەیە و نەریتەکانی کۆمەڵ بەگوێرەی شوێن و پایەی کەسەکان دیاریان دەکەن ، ئەم واتای دەربڕاوە وابەستەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە ، ( بڕوانە 17 )

( 17 ) بەڕێزم هاتی؟

لە ( 17 ) دا ڕستەکە ڕستەیەکی پرسە بەهۆی ئاوازەوە دروست بووە ، بەپێی بنەماکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنانی شیکردنەوەی بۆ دەکەین ، کاتێك کەسێك نەناسیت وشەی (

بەرێز ) بەرکاردەهێنێت ، ئەمەش سادەترین پەیوەندییە ، لە ( ١٧ ) دا وشەی ( بەرێز ) ، کە بەرکارهاتووە مەبەستی کەسێکە ، بەپێی ئەم تیۆرە کە کردار بە ناوکی رستە و واتاکەی دادەنرێت پریدیکاتی ( هات ) تەنها پێویستی بە یەك ( AR ) هەیە ، کە ئەویش بکەرێکی رێزمانییە ، هێلکاری رستەی ( 17 ) و شیکردنەوەی بەم شێوەیە روون دەکەینەوە. ( بروانە هێلکاری ژمارە 15 )



هێلکاری ژمارە ( ١٥ )

رستەکە کۆتا ئاستی بەرهەمهێنانە، چونکە دروستەی رووکەش لایەنی بەرجەستەی رستە و دروستە زمانیەکانە، واتە ئەو ئاستە رۆنانیانەی زمانە کە رستەکە تێیدا دەردەکەوێت. بۆ روونکردنەوەی ناوەرۆکی رستەکە لە سیمانتیکی بەرهەمهێناندا لە نموونەی ( 17 ) ناوەرۆك و ناوەخنە واتاییەکانی رستەکە دەخرێتە روو ، ناوەخن و ناوەرۆکە واتاییەکانی رستەی (بەرێزم هاتی؟ ) گریمانەی ئەوە دەکرێت کە دوو کەس کاتێکی دیاریکراویان هەبووبێت ، بەڵام یەکتریان نەبینیوە بەڵکو تەنها بە تەلە فۆن قسەیان کردووە، دواتر کاتێکیان دیاریکردبێت کاتێك کە یەکێکیان دوادەکەوێت ئەویتریان تەلە فۆنی بۆ دەکات لێی دەپرسێت ( بەرێز هاتی؟ ) لێرەدا واتای کۆمەڵایەتییە و کەسەکان یەکتری ناناسن ئەمەش سادەترین پەیوەندی نێوانیانە.

**( چ ) واتای شێوازی :** ئەو واتایەیە کە شێوەزاری قسەکەری تێیدا دەردەکەوێت ، ( بروانە 18 ) بەپێی بنەماکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان شیکردنەوەی بۆدەکرێت

( 18 ) - أ ) کێ هات؟

ب- ) چێ هات؟

لە ( 18 ) دا رستەکە کە رستەکەی پرسیارییە بەهۆی وشەی پرسی ( کێ ) وە دروست بووە بەڵام لە ( 18-ب ) دا رستەکە بەهۆی وشەی پرسی ( چێ ) وە دروست بووە ، لە رووی واتاوە بەهەمان واتای ( کێ ) دێت و هەمان وشەی پرسی ( کێ ) یە ، هۆکاری گۆرینی دەنگی ( ك ) بۆ ( چ ) ئەوەیە کاتێك کە ( ك ) دەکەوێتە پێش ( ێ ، ی ، وی ، وێ ) شێوەی دەربرینیان دەگۆرێت و تارادەیەك وەکو ( چ ) گۆ دەکرێت ، لە زۆربەی شوێنەکانی زاری کرمانجی خواروو ئەم دیاردەیە ، بەتایبەتی لە هەولێر و دەوروبەری بەدیدەکرێت ( بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکان و زارو و شێوەزارەکان ) لە ( 18 ) دا پریدیکاتی ( هات ) تەنها یەك ( AR ) ی پێویستە ، کە ئەویش بکەرێکی رێزمانییە ، دروستەی رووکەشەکە کۆتا ئاستی بەرهەمهێنانە پاش ئەوەی دروستەی رووکەشە یاساکانی زمانی بەسەردا جێبەجێکراوە گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی مێشك ( بووە بەخاوەنی فۆرمی فۆنەتیکی ) لە ئاستی رووکەشدا گۆرانکاری روویداوە ، لێرەدا ناوەرۆك و ناوەخنە واتاییەکانی رستەکە دەخرێتە روو ، ( کەسێك ) هاتووەکەسێکی تر ئەزانێت کەسێك هاتووە نازانێت کێیە بۆیە ئەو پرسیارە دەکات ، واتە زانیاری هەیە کە کەسێك هاتووە. پێکهاتەی واتایی لە رستەی ( 18-أ ) دا لە دروستەی لۆژیکدا بوونی هەیە بەهۆی یاساکانی گویزانەوەوە گەیەنراون بە دروستەی رووکەش و لە شێوەی دەنگیدا دەربراون ، دروستەی رستەی ( 18-أ ) بەپێی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان بەم شێوەیە شرۆڤە دەکرێت. بروانە (هێلکاری ژمارە 16)



هێلکاری ژمارە ( ١٦ )

شیکردنەوەی رستەی ( 18-ب ) هەمان شیکردنەوەی ( 18- أ ) یە تەنها جیاوازی لە شێوازی دەربرینەکە هەیەو واتە گۆرینی ( کێ ) بە ( چێ )




## ئەنجام

١- مۆرفۆلۆژی هیچ رۆڵێك نابینێت لە دروستکردنی وشەی پرسدا ، بەڵکو هەریەك لە وشە پرسەکان بە ئامادەکراوی لەفەرهەنگدا هەن ، چونکە ئەم وشانە سادەن، سادەکان لە فەرهەنگدا هەڵگیراون بە زانیارییەکانیانەوە .

٢- یەکێک لەبنەماکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان کەدروستەی سیمانتیکی، لۆژیکییە ، سێ جۆر دروستەی لۆژیکی گریمانەکراو دیاریکراوە، بەڵام لەزمانی کوردیدا پریدیکاتی چوار ئارگۆمێنت داواکەری هەیە ، ئەم جۆرە گوزارەیە پێویستی بەبکەرێکی لۆژیکی و بەرکارێکی راستەوخۆو دوو بەرکاری ناراستەوخۆ هەیە.

3-ئەگەر چی واتای فەرهەنگی وشەی پرس ، لەفەرهەنگی ئاوەزمیدا هەیە ، بەڵام ئاخێوەران مەرج نییە هەموو کاتێک راستەوخۆ مەبەستەکانی خۆیان دەربرن لەرێگەی واتای فەرهەنگی وشەی پرسەوە ، بەڵکو دەتوانن لەرێگەی جۆرەکانی واتای نافەرهەنگی پرسەوە مەبەستێکی ناراستەوخۆ ببێکن ، ئەم بەرکارهێنانە ناراستەوخۆیانەش پەیوەست دەبن

بەبارودۆخ و دەوروبەری جیاوازەوە ، وشە پرسەکان لە فەرهەنگ و مێشکی ( ئاوەزی ) قسەکەراندا خاوەنی نیشانەی واتای خۆیانن ، بەڵام لەواتای نافەرهەنگی پرس گۆڕانیان بەسەرداديێت ، واتە واتای نافەرهەنگی پرس لەبەکارهێناندا واتای خۆی لەدەست دەدات لە چوارچێوەی ئەو بەکارهێنانەدا واتاو مەبەستێکی تر دەگەیەنێت.

4-لەئەنجامی بەڵگەهێنانەوەو شیکردنەوەی بەڵگەکان بەپێی بنەماکانی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان گەیشتین بەو ئەنجامەی ، کەکەرەستەکانی پرس ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەدروستکردنی واتای نافەرهەنگیدا.

## سەرچاوەکان


١- امین ، وریا عومەر . ( 2004 ) ، چەندئاسۆیەکی تری زمانەوانی . چاپی یەکەم .هەولێر . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٢- مەحوی ، محەمەد . ( 2001 ) ڕستەسازی کوردی زانکۆی سلێمانی .

٣- _________ . ( 2006 ) ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆک – وابەستە – چاپی یەکەم .سلێمانی .

٤- _________ . ( 2009 ) .زانستی هێما ، هێما واتا لێکدانەوە. چاپی یەکەم .بەرگی یەکەم .سلێمانی چاپخانەی پەیوەند .

٥- عەلی ، جەلال مەحمود . ( 1982 ) . ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا . بەغدا . چاپخانەی حسام.

٦- قادر ، کاروان عومەر ، ( 2012 ) فۆرمی لۆژیکی لەزمانی کوردیدا ( بەرکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ) . سلێمانی چەپخانەی بینایی.

٧- قادر ، سەباح رەشید . ( 2009 ) . هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە ( GB ) لەزمانی کوردیدا. هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم.

٨- هەمزەیی ، بەرکر کانی . ( 2015 ) لێکدانەوەی هەزار پەندی کوردی .چاپی یەکەم .بەرگی یەکەم.

٩- ئیبراهیم ، بەشدار محەمەد . ( 2014 ) . واتاسازی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لەزمانی کوردیدا. نامەی ماستەر .زانکۆی سلێمانی . سکولی زمان.

١٠- أحمد ، تریفە محسین . ( 2016 ) چەمکی ڕێزمانێتی لەتیۆری بەرهەمهێناندا . نامەی ماستەر . زانکۆی سەلاحەدین . هەولێر.

١١- امین ، محمد قادر محمد . ( 2020 ) . لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان . نامەی ماستەر . زانکۆی ڕاپەڕین . کۆلێژی پەروەردە.

١٢- حەسەن. فەرهاد توفیق . ( 2010 ) . پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لەزمانی کوردیدا .نامەی ماجستێر .زانکۆی سلێمانی .کۆلێژی زمان.

١٣- حم غەریب ، بەهرە سەلام . ( 2015 ) . شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لەواتای زمانیدا نامەی ماستەر .زانکۆی سلێمانی .سکولّی زمان.

١٤- کمال ، دیار علی . ( 2002 ) ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە. نامەی ماستەر .زانکۆی سەڵاحەدین .هەولێر.

١٥- ئەمین ، وریا عومەر. ( 215أ ) زاراوەی دۆخ ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ( 174 ) .12لاپەڕە.

16- مقدم ، محمد دبیر . ( 1386 ) .زبانشناسی نظری .پیدایش و تکوین دستور زایشی رویرایش دوم ، سمت .چاپ دوم .تهران.

١٦- الوعر ، مازن . ( 1987 ) نحو نظرية لسانية حديثه لتحليل التركيب الاساسية في اللغه العربية . دار طلاس للدرسات والترجمة والنشر . طبعة الاولى دمشق

١٧- ______ . ( 2001 ) .دراسات نحوية و دلالية و فلسفية فى صنوء اللسانيات المعاصرة ، دار المتنبى للطباعة والنشر طبعة الاولى .دمشق.

18- Bagha, karim Nazari . 2011 . Generative semantics , published by canadain center of sentence . and Education.

19- Flak. Julio . s. ( 1978 ) linguistics and language. Michigah state university Education Iran.

20- Lakof , George . ( 1976 ) syTAX AND semantics vol. 1ACADE MIC . PERSSINC. NEYORK. SANFRANISCO. LONDON.